# پشکداریی شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٠٤ _ ١٩٨٩) لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدادا

م.ی. نێچیروان جاسم وەلی[1]

١م زانکۆی سەڵاحەدین, کۆلێجی زمان

**نووسەری پەیوەندیکار:** م.ی. نێچیروان جاسم وەلی

## پوختە

شاری بەغدا لە کۆنەوە مەڵبەندێکی گرنگی ئایین و زانیاریی ئایینی و زانستەکانی دیکە بووە و چەندان قوتابخانە و ناوەندی گرنگیی ئایینی و بوارەکانی دیکەی زانستی تێدا بووە و زانای زۆر گەورە و ناوداری لێ هەڵکەوتووە و ناوبانگیی زانست و زانیارییان گەیشتووەتە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکە, بۆیە زانستخوازان لە زۆر شوێن و ناوچەوە بۆ وەرگرتنی زانست چوونەتە شارەکە و تێیدا ماونەتەوە.
هەروەها چەندان زانای گەورەی دەرەوەی شارەکە ڕوویان کردووەتە بەغدا بۆ ئەوەی ئەسپی زانیاریی خۆیان لە مەیدانی زانستدا تاو بدەن و لەوێوە تیشکی زانست بە ناوچەکانی دیکەشدا پەخش بکەن.
لە مێژووی ڕۆشنبیریی کورددا کۆمەڵێک زانا و ڕۆشنبیر هەڵکەوتوون, کە لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە و بەتایبەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدادا جێ پەنجەیان دیار بووە و ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە, یەکێک لەوانە شێخی محەمەدی خاڵە, کە ناوبراو لەو زانا و ڕۆشنبیرانە کوردانەیە بە بەرهەمەکانی خزمەتێکی دیاری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە لە شاری بەغدادا.
پشکداریی شێخ محەمەدی خاڵ زێتر لە بوارێکی ڕۆشنبیریدا بووە و لە چەند لایەنێکەوە ئەسپی پشکدارییەکانی تاو داوە. بەرهەمەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کاری گرنگی کردووە و بۆ کات و سەردەمی خۆی کۆششی پڕ بەهای کردووە و بۆ نەوەی دوای خۆی بەرهەم و دانراو و زانیاریی گرنگی خستووەتە بەر دەست.

**وشە کلیلییەکان:** شێخ محەمەدی خاڵ, ڕۆشنبیری, کوردی, بەغدا

## 1. پێشەکی

بە درێژایی مێژوو زانایانی کورد لە بەغدا پشکدارییەکی گرنگیان لە گەشەسەندن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییدا هەبووە, بەتایبەتی لە قۆناغی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی دیار و دەستێکی باڵایان لە پێگەیاندنی زانستخوازان و بەڕێوەبردنی ناوەندە زانستییەکاندا هەبووە. بە جۆرێک ڕۆڵی زانایانی کورد لە بەغدادا جۆراوجۆر بووە, لەوانە؛ وانەوتنەوە, کتێبدانان, وەرگێران, ڕۆژنامەنووسی, وتارنووسی, پێشنوێژی و وتارخوێنی, فەتوادان, ساغکردنەوەی دەستنووس, بەشداری لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ناوەندە زانستییەکان... هتد.

لە نێو زانایانی کورد, کە لە بزاڤی ڕۆشنبیری و زانستی لە بەغدادا پشکدارییان کردووە و جێپەنجەیان بەسەر بواری ڕۆشنبیرییەوە دیارە, دەکرێت پەنجە بۆ شێخ محەمەدی خاڵ ڕابکێشین, کە ناوبراو لە زیاتر لە بوارێکی زانستی و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە, ئەمەش پڕبەرهەمی و لێزانی و لێهاتوویی ناوبراو دەردەخات, بۆیە لە ڕوانگەی گرنگیدان بە پشکداریی ناوبراو لە بزاڤی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدادا ئەم توێژینەوەیەمان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.

**2.گرفتی توێژینەوە:** شێخ محەمەدی خاڵ لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیدا زیاتر وەک سوارچاکێکی چاکخواز و نوێخوازی ئایینی ناسراوە, بۆیە ئەم توێژینەوە دەیەوێت و دەخوازێت پشکداریی شێخی خاڵ لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا بخاتە ڕوو و زیاتر تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی ناوبراو لەو بوارەدا.

**3.ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە پشکداریی شێخی محەمەدی خاڵ لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدادا دەربخات و ڕووناکیی توێژینەوە بخاتە سەر هەوڵەکانی ناوبراو لەو لایەنەوە.

**4.سنووری توێژینەوە:** ئەو پشکدارییانەی شێخی خاڵ دەگرێتەوە, کە بە شێوەی کتێب لە بەغدا چاپی کردووە لەگەڵ ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤارە کوردییەکانی شاری بەغدا بڵاوی کردووەتەوە, دەگرێتەوە.

**5.پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە, بەم جۆرە دابەشمان کردووە

تەوەری یەکەم: بڵاوکردنەوەی بابەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا

تەوەری دووەم: پشکداریی شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی زانیاریی کورد

تەوەری سێیەم: چاپکردنی کتێب و بەشداریکردن لە دانان و وەرگێڕانی کتێبی پرۆگرامی قوتابخانە

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین خستوومانەتە ڕوو و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانیشمان تۆمار کردووە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12416]
- **Submission Date:** [**2026/2/21**], **Accepted Date:** [**2026/3/28**], **Published Date:** [02/08/2026]

**تەوەری یەکەم: بڵاوکردنەوەی بابەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا**

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و ساڵانی دواتر, لە ڕووی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییەوە, شاری بەغدا جموجۆڵ و بزاڤێکی زۆری دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە خۆیەوە بینی, بە جۆرێک ((یەکەمین گۆڤاری کوردی لە عێراقدا لە هەشتی شوباتی ١٩١٤ بەناوی (بانگی کورد_ بانگ کرد) لە بەغدا دەرچووە, هەروەها یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراقدا هەر لە بەغدا لە یەکی کانوونی دووەمی ١٩١٨ بەناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرچووە, پاشان مستەفا پاشای یاموڵکی سێ ژمارەی لە ڕۆژنامەکەی (بانگی کوردستان_ بانگ کردستان) لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا دەرکردووە, گۆڤاری (دیاریی کوردستان)یش لە یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٢٥ دەرچووە, گۆڤاری (پەیژە)ش لە ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە)) (عومەر, ٢٠٠١, ٦٩) دەرچوونی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەستپێکی گرنگ و ڕچەشکێن بوون لە شاری بەغدا و جەختیان لە هەبوونی کورد وەک ڕۆشنبیر و خوێنەری کورد لە شارەکە دەکردەوە و ئەم بڵاوکراوانە پشکدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە.

ئەم بزاڤە ڕۆژنامەگەرییە, کە بۆ خۆی بەشێکی گرنگی بواری ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکە پێکدەهێنێت و بۆ ساڵانی دواتریش بەردەوام دەبێت. بە جۆرێک دواتر فۆرمی دیکەی بڵاوکراوەی وەک نامیلکە وەردەگرێت, ئەویش بەوەی (( (یادگاری لاوان) دوو ژمارەی لێ دەرچووە, یەکەمین ژمارەی لە ساڵی ١٩٣٣ دا, دووەمین ژمارەشی بە ناونیشانی (دیاری لاوان) لە ساڵی ١٩٣٤ دەرچووە)) (عومەر, ٢٠٠١, ١٥٤), ئەم بڵاوکراوەیە بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک لاو و قوتابی بوو و ((هەردوو نامیلکەی ((یادگاری لاوان)) و ((دیاری لاوان))یان خستە ناو بازاڕی ئەدەب و مێژووی جوڵانەوەی کوردەوە بە ناوەرۆکێکی پڕ مانا و شێوەی نووسینی بەرز و ڕێبازی بەرز)) (کەریم, ١٩٧٨, ٢٥) دوای ئەمە, ئەم بزاڤە درێژەی پێ دەدەرێت تا ((هاتنە دنیای گۆڤارێکی کوردیی مانگانە لە شاری بەغدای پایتەختدا و لە کۆتایی سییەکاندا)) (محەمەد, ٢٠٠٤, ٨) و ئەم گۆڤارە (لە ماوەی دە ساڵی تەمەندا (کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ز تا ئابی ١٩٤٩ز) و لە ڕێگەی (١١٦) ژمارەوە بووەتە جێگەی متمانەی ئەدیب و نووسەر و خوێندەواری کورد) (محەمەد, ٢٠٠٤, ١)

گۆڤاری گەلاوێژ یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانەی شاری بەغدا, کە شێخی خاڵ لە ژمارە یەکەمینەکانی ئەو گۆڤارەوە بابەتی تێدا بڵاو کردووەتەوە, بۆ نموونە لە ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە وتارێکی بەناونیشانی (خۆشەویستیی نیشتمان) تێدا بڵاو کردووەتەوە و نووسەر تێیدا نووسیویەتی ((نیشتمان بەو جێگایە ئەڵێن کە ئادەمیی تیا پەیدا ئەبێ, وە بە خواردن و خواردنەوەی گۆش ئەکرێ و گەورە ئەبێ, وە بە با و شەماڵی خۆشی ئەژی ئەبووژێتەوە, وە بە زبانی ئەو شوێنە مەبەس و ئارەزووی خۆی بەجێ دێنێ)) (خاڵ, ٢٠١١, ٥٣) دەبینین ئەم وتارەی نووسەر لەبارەی نیشتمانەوەیە و دەرخستنی گیانی نیشتمانپەروەرییە لەو کاتەدا و لەو گۆڤارە کوردییەی شاری بەغدادا.

شێخی خاڵ لە گۆڤاری ناوبراودا زنجیرەیەک گوتاری تەفسیری قورئانی بڵاو کردووەتەوە بەناونیشانی (تەفسیری قورئان), بۆ نموونە لە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٤) لە یەکێک لەو زنجیرە گوتارە, کە بۆ تەفسیری قورئان تەرخانی کردووە, نووسیویەتی ((لە پاش فەرماندان بە یارمەتی دانی باوک و دایک و خزمان إنجا فەرمان ئەدا بە یارمەتی دانی بیگانان ئەفەرموی (والیتامی) چاکە بکەن لەگەڵ هەتیوان. بەراستی لە پاش دایک و باوک و خزموخویش ایتر لە هەتیو لە پێشتر نیە بۆ یارمەتی دان و دەست گرتن)) (ساڵح و ئەوانی دیکە, ٢٠١٦, ٢٥٥٤) لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی لەو کاتە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و بایەخدار بوو.

لە وتارێکی دیکەدا بەناونیشانی (ئاگاداریی زمان), کە لە ژمارە (٨)ی ساڵی پێنجەم بڵاوی کردووەتەوە. شێخی خاڵ باسی گرنگیی زمان دەکات وەک یەکێک لە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و لەوبارەوە نووسیویەتی ((لاوە تێ گەیشتوەکان! باش بزانن کە اگاداری و باسی زمان لە هەمو شت پیویست ترە بۆ مانەوە گەلان, هەر گەلێ زمان و فەرهەنگی نەبێ لەگەڵ گەلان ناژمێررێ و وە ناناسرێ)) (ساڵح و ئەوانی دیکە, ٢٠١٦, ٣٣٣٣)

بە سەرنجدان لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و لە ماوەی دە ساڵەی دەرچوونی, دەبینین شێخی خاڵ (٣٩) وتاری لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە بڵاو کردووەتەوە (بڕوانە: محەمەد, ٢٠٠٤, پاشکۆ) وتارەکانیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جۆراوجۆرن و وتاری ئایینی, ئەدەبی, کۆمەڵایەتی...هتد لە خۆ گرتووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شێخی بەشدارییەکی کارا و کاریگەریی لەو گۆڤارە کوردییە شاری بەغدادا هەبووە.

یەکێکی دیکە لەو گۆڤارە کوردییانەی پشکدارییەکی دیار و بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدادا هەبووە, گۆڤاری (هیوا) بوو, کە ((گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و زانستی بووە, یانەی سەرکەوتن خاوەنی ئیمتیازی بووە و (٣٨) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەکی لە تەمووزی ١٩٥٧ دەرچووە و سەرجەمی لاپەڕەکانی ئەو (٣٨) (٣٠٠٥) لاپەڕەیە)) (حوسێن, ٢٠٠٨, ١٦١) ئەم گۆڤارە یەکێکە لەوانە گۆڤارانەی لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵی زۆری لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا گێڕاوە.

شێخی خاڵ بە بڵاوکردنەوەی وتار پشکداری لە گۆڤاری هیوادا کردووە. یەکێک لەو وتارانەی شێخی خاڵ بەناونیشانی (وێژە)یە, کە لە ژمارە (٧)ی ساڵی یەکەم بڵاو کراوەتەوە و نووسەر تێیدا نووسیویەتی ((وێژە ((أدب))ی هەموو گەلێک وەک کاڵایەک وایە بۆ ئەو گەلە, ئنجا یا وەک کالایەکی فراوانی, پان و پۆڕی, باڵاپۆشی, ئاوداماں وایە کە بەقەد گەلەکەی بێ, لە بەرزیی و گەورەیی و پان و پۆڕیی دا, وە بەتەواوی دای پۆشی, یان وەک کاڵایەکی کەم و کووڕی, کورت و کوێر وایە کە لە لەشیا نەچەرخێ)) (خاڵ, ١٩٥٨, ١١) نووسەر لەم وتارەدا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەدەبی کردووە.

لە وتارێکی دیکەدا, کە ناوبراو لە هەمان گۆڤاردا بەناونیشانی (بەهار) و لە ژمارە (٩)ی ساڵی یەکەمدا بڵاوی کردووەتەوە و تێیدا هاتووە ((شەوی ٢١_٣_ ١٩٥٨ لە سەعات دوانزەی نیوەشەوا لە کەلوی نەهەنگ _برجی حوت_ وە چووە بەرخ _برجی حوت_ شەو و ڕۆژ وەک یەک وێستانەوە, واتە شەو دوانزە سەعات و ڕۆژ سەعاتە, نە ئەو زۆر و ستەم لەم, وە نە ئەم زۆر و ستەم لەو ئەکات, وە هیچیان بەسەر هیچانەوە بەسەر هیچیانا ناچن و وە دەست درێژی بۆ یەکتری یا بەشێک لە قەڵەم رەوی یەکتری داگیر ناکەن)) (خاڵ,

١٩٥٨, ٢٢) نووسەر لەم وتارە ئەدەبییە باسی وەرزی بەهاری کردووە.

شێخی خاڵ جگە لەو دوو وتارە, دوو وتاری دیکەشی لە هەمان گۆڤارەدا بڵاو کردووەتەوە و بەمەش ژمارەی ئەو وتارانەی لەو گۆڤارە کوردییەی شاری بەغدا بڵاوی کردووەتەوە دەبێتە (٤) وتار (بڕوانە: حوسێن, ٢٠٠٨, ٢٠٢_ ٢٢٩). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شێخی خاڵ ویستوویەتی لە ڕێگەی گۆڤاری هیواوە پشکداری لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیدا بکات لە شارەکەدا.

گۆڤارێکی دیکە لەو گۆڤارە کوردییانەی شاری بەغدا, کە ناوبراو بابەتی تێدا بڵاو کردووەتەوە, گۆڤاری دەفتەری کوردەوارییە, کە ((یەکێکە لە کۆوارە پڕ بایەخ و بەنرخەکانی دنیای ڕۆژنامەوانیی کوردیی ساڵانی حەفتاکان بەتایبەتی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠)) (حوسێن, ٢٠١٠, ٥) ئەم گۆڤارە تەمەنی درێژ نەبووە و تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

شێخی خاڵ توێژینەوەیەکی لەبارەی شێخ ڕەزا تاڵەبانییەوە بە زنجیرە لە هەر سێ ژمارەکەی گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کردووەتەوە. لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا نووسیویەتی: ((شێخ ڕەزا شاعیرێکی هەڵکەوتووی, بلیمەتی, کوتوپڕی, زۆر ڕەوانە لە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی دا, شاعیرێکی بێ فڕ و فێڵی بەڕاستی وەها کە بهاتایە سەر وتنی ((قصیدە)) یان ((غزەل)), یەک وەک ئاوی ڕەوان هەڵئەقوڵا لە مێشکی یەوە بۆ سەر زمانی, وە لە چەند دەمێکا پارچەیەکی ئەدەبی ئەدایە دەستت)) (خاڵ, ١٩٧٠, ١٢). ئەم بابەتی نووسەری ناوبراو توێژینەوەیەکی ئەدەبییە لەبارەی شێخ ڕەزای شاعیرەوە و باسی چەند لایەنێکی ژیان و شیعری ناوبراوی کردووە.

بەگشتی شێخی خاڵ پشکدارییەکی بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدادا کردووە, ئەویش بە بڵاوکردنەوەی بابەت و وتار و توێژینەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەو شارەدا. خودی ئەو گۆڤارانەش مەبەستیان بووە خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدادا بکەن. بڵاوکردنەوەی بابەت لەو گۆڤارانە پشکدارییە لە بڵاوکردنەوەی و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردی لەو شارەدا.

## تەوەری دووەم: پشکداریی شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆڕی زانیاریی کورد

بەر لەوەی کۆڕی زانیاریی کورد وەک یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار و مافێکی ڕۆشنبیری بێتە کایەوە, ئەوا ((کاربەدەستانی دەوڵەتی عیراق پێش بەیانی ١١ی مارت بەڵێنی دامەزراندنی ئەم دەستگایەیان دابوو, بڕیارەکە دەستاودەست دەکرا, کامە تاقمە ساسیی کورد لەڕوو بووایە و نێوانی لەگەڵ دەوڵەت خۆش بووایە بڕیارەکە لە گیرفانی ئەو تاقمە سیاسییە دەبوو)) (خەزنەدار, ٢٠١٠, ٧٠) چەندان ساڵ پێش ئەو مێژووەی کە کۆڕی تێدا دامەزرا, کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری دڵسۆز و پەرۆش لە خەمی دروستکردنی کۆڕی زانیاریدا بوونە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا داوای ئەکادیمایەکی کوردییان کردووە, کە خزمەتی زمانی کوردی و بوارەکانی پەیوەست بە زمانی کوردییەوە بکات (بڕوانە: ساڵح, ٢٠٢٣, ٣٦٢_ ٣٧٢).

لەو نێو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەو داوایەیان کردووە ((ڕۆژنامەی (ژین) لە سلێمانی لە هەمووان زیاتر بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە کردووە. بە ئاڵۆزبوونی دۆخی کوردستان کارەکە هەروا ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٦٨ بڕیاری دامەزراندی کۆڕ درا, بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە تاکو دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠, کە خاڵێکی ئەو ڕێککەوتنە, دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد بوو تا دواتر لە هەمان ساڵدا بە بڕیاری ژمارە ١٨٣ لە ساڵی ١٩٧٠ بڕیاری دامەزراندنی دەرچوو و ناوی ئەندامە دامەزرێنەرەکانی بەڕەسمی دیاری کران)) (ساڵح, ٢٠٢٣, ٣٨٤) کەواتە بیرۆکە و بڕیاری دامەزراندنی دەزگەکە بۆ پێش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە, بەڵام جێبەجێکردنی کەوتە دوای ئەو ڕێکەوتننامەیە و بووە یەکێک لە دەستکەوتەکانی.

پێش دامەزراندنی ئەو دەزگە زانستییە, لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا شێخی خاڵ بیرۆکە و گەڵاڵەی دامەزراندنی ئەم دەزگەیەی لا کراوە و یەکێک بووە لەو چواری نووسەر و ڕۆشنبیرەی کورد بۆ ئەو مەبەستە لە بەغدا کۆ بوونەتەوە (ساڵح, ٢٠٢٣, ٣٧٢_٣٧٣). شێخی خاڵ پێش دامەزراندنی دەزگە ئاگادارییی دامەزراندنەکەی بووە و دواتریش بەکرداری بەشداریی تێدا کردووە.

لە دامەزراندنی کۆڕی زانیاریدا, شێخی خاڵ بەشداریی ڕاستەوخۆی هەبوو, بە جۆرێک ((بەیانیی ڕۆژی هەینی ٣ی نیسانی ١٩٧٠ ڕۆژێکی مێژوویی بوو لە بزووتنەوەی خوێندەواری نەتەوایەتی میللەتی کوردی خۆشەویستمان. لەو ڕۆژەدا دەستەیەک زانا و نووسەر ڕۆشنبیرانی کورد لە یانەی کولیەی ئادابی زانستگای بەغدا کۆ بوونەوە. ئەم خوێدەوارانە لە سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و بادینان و خانەقین و گەڵاڵە و بەغدا هاتبوون بۆ دانانی بەردی بناغەی ((ئەکادیمیەی زانستیی کوردی))) (بێ ناوی نووسەر, ١٩٧٠, ١٥٥) دەبینین بیرۆکە و گەڵاڵەی دامەزراندنی دەزگەکە هەر لە شاری بەغدا بووە. بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بە دەنگدانی نهێنی لیژنەیەکیان بۆ دانانی دەستووری ئەکادیمیەی زانستیی کوردی پێکهێنا و شێخ محەمەدی خاڵ ٢١ دەنگی بە دەست هێناوە و بووەتە ئەندامی لیژنەکە (بێ ناوی نووسەر, ١٩٧٠, ١٥٦). بەم جۆرە شێخی خاڵ بووەتە ئەندامی لیژنەی داڕشتنی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی دەزگەکە.

دوای ئەوەی دەزگە دەکەوێتە سەرپێ ناوی بووە بە کۆڕی زانیاری کورد و ((بە هەوڵی شێخ محەمەدی خاڵ ناوی (کۆڕ)یان بۆ ئەو دامەزراوە گرنگە هەڵبژاردووە)) (ساڵح, ٢٠٢٦, ٩) ئەمە ئەوە دەخاتە ڕوو شێخی خاڵ لە ناونانی کۆڕیشدا پشکداریی گرنگی هەبووە.

شێخی خاڵ لەناو کۆڕدا ئەندامی کارا بووە (مەزهەر, ١٩٧٣, ٣١٨) و وەک جێگری دووەمی سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردراوە (شیرزاد, ١٩٧٣, ٧٦٦). ئەمە لایەنێکی پشکداریی شێخی خاڵ لە کۆڕی زانیاری کۆڕدا دەردەخات, کە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە لە کەسە گرنگ و یەکەمەکانی دەزگە بووە ئەمە لە لایەک, لە لایەکی دیکەوە ناوبراو ئەندامی لیژنەی ژیاری ئیسلام بووە, کە یەکێک بووە لە لیژنەکانی کۆڕی زانیاری (مەزهەر, ١٩٧٣, ٣٢٨).

لایەنێکی دیکەی پشکداریی شێخ لە کۆڕی زانیاری کرد, بەشداریکردنی ناوبراو بووە لە بڵاوکردنەوەی بابەت و توێژینەوە لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ناوبراو کۆمەڵێک بابەت

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12416]
- **Submission Date:** [**2026/2/21**], **Accepted Date:** [**2026/3/28**], **Published Date:** [02/08/2026]

و توێژینەوەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەو گۆڤارەدا بڵاو کردووەتەوە.

لە یەکێک لەو بابەتانەی لە گۆڤاری کۆڕی بڵاو کردووەتەوە بەناونیشانی (بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان) لە بەرگی پێنجەمی ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کردووەتەوە و تێیدا نووسیویەتی ((بابا تاهیر ئەو خاوەن سۆز و گودازەیە کە هەزار ساڵ شیعرەکانی لەناو دڵ و دەرونی خوێندەوارانا چون یەک جێیان بۆتەوە, ئەم دڵ سوتاو و دەرونی پڕ شۆڕ و شۆڕشی ویستوە, ئیتر لە بیری وردەکاری و مەبەستی باریک و پەنهان و مەعنای پێچراوە و نادیار و قافیەسەنجیدا نەبوە, شیعرەکانی لەگەڵ کەمێک سادەییدا کە هەیەتی, وا بەتین و تەوژم و گودازن, لە هەموو دڵێکدا وەک یەک کاریگەرن)) (خاڵ, ١٩٧٧, ٤_٥) ئەم بابەتەی نووسەر لە خانەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەیە و باسی کۆمەڵێک لایەنی ژیان و شیعری شاعیری ناوبراوی کردووە.

لە بابەتێکی دیکە, کە لە بەرگی دووەمی بەشی یەکەم بەناونیشانی (پێشگر و پاشگر) بڵاو کراوەتەوە, تێیدا ئەوەی نووسیوە ((پێشگر و پاشگر دو زاراوەی تازەن, یەکەمیان دانراوە بۆ ئەو بەشە لێکدەر ((جزئی ترکیبی))یەی کە ئەکەوێتە پێش بەشی کرداری ((جزئی حدثی))یەوە و لەگەڵیا ئەبێ بە یەک وشە...دوهەمیان بۆ ئەو بەشە لێکدەرییەی کردارییەوە)) (خاڵ, ١٩٧٤, ٢٥٦) ئەم بابەتەی شێخی خاڵ لە چوارچێوەی زانستی وشەسازیدایە و تیشکی خستووەتە سەر باسی پێشگر و پاشگر.

لە بابەتێکی دیکەی شێخی خاڵدا هاتووە, کە بابەتێکە بەناونیشانی (بەراوردێکی پیرەمێرد لەگەڵ شێخ ڕەزا لە وێژەدا), کە لە بەرگی شازدە و حەڤدەیەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کراوەتەوە, ناوبراو تێیدا نووسیویەتی ((هەموو دوو شاعیرێکی ڕاستەقینەی شێخ و پیرەمێرد کە بەراورد بکرێن دەرئەکەوێ کە گشتی و تایبەتی جیاوازی ((عموم و خصوصی من وجه))یان لەناوایە, واتە ئەویان لە چامەیەکا لە میان بەرزتر و ڕەوانترە, وە ئەمیان لە چامەیەکی ترا لەو بەرزتر و ڕەوانترە, وە لە هەردووکیان لە چامەیەکی ترا وەک یەک وان)) (خاڵ, ١٩٨٧, ٤) ئەم بابەتەی شێخی خاڵ لە چوارچێوەی بابەتی هاوسەنگیی ئەدەبی یان بەرانبەریی ئەدەبیدایە, کە تێیدا بەرانبەریی لەنێوان دوو شیعری دوو شاعیری کورددا کردووە.

شێخی خاڵ بێجگە لەو بابەتانەی ئاماژەمان پێ دا, چەند بابەتێکی دیکەشی بە زمانی کوردی لە هەمان گۆڤاردا بڵاو کردووەتەوە , بە جۆرێک (١٣) بابەتی لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە بڵاو کردووەتەوە (بڕوانە: یابە, ٢٠٠٦, ٩٦_٩٧) هەروەها بە زمانی عەرەبیش سێ بابەتی بڵاو کردووەتەوە, کە وەرگێڕانی زنجیرە بابەتێکی خۆیەتی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەری گێڕاوە بەناونیشانی (مخطوطات مكتبة الشيخ محمد الخال في السليمانية) (یابە, ٢٠٠٦, ١٩٩_٢٠٠)

شێخی خاڵ پشکدارییەکی بەرچاو و دیار و کاریگەری لە کۆڕی زانیاریی کورددا هەبووە هەر لە ناوی کۆڕەوە بیگرە تا بوونە ئەندامی کارا و جێگری دووەمی سەرۆک و ئەندامێتی لە لیژنە و بڵاوکردنەوەی بابەت لە ژمارەکانی گۆڤارەکەیدا. ئەمەش ڕۆڵی پڕ بایەخی ناوبراو لەو دەزگە زانستییە کوردییەی شاری بەغدادا پیشان دەدات.

**تەوەری سێیەم: چاپکردنی کتێب و بەشداریکردن لە دانان و وەرگێڕانی کتێبی پڕۆگرامی قوتابخانە**

لایەنێکی دیکە پشکداریی شێخی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدادا, ئەویش چاپکردنی کتێبە لەو شارەدا. شاری بەغدا بەهۆی گەورەیی و پایەختبوونییەوە و لە کۆنەوە ناوەندی گرنگی ڕۆشنبیری بووە و چەندان چاپخانەی لێ بووە, بۆیە دەبینین بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکانی شێخی خاڵ لە چاپخانەکانی شاری بەغدا چاپ کردووە و ئەمەش دەرفەتی بڵاوکردنەوەی لەو شارەدا ئاسانتر کردووە. شێخی خاڵ کتێبی (موفتی زەهاوی) لە ساڵی ١٩٥٣ لە چاپخانەی مەعارف لە شاری بەغدا چاپ کردووە (بڕوانە: خاڵ, ١٩٥٣, بەرگی پێشەوە). ناوبراو (تەفسیری سورەتی فاتحە)ی لە ١٩٥٥ لە هەمان چاپخانەی شاری بەغدا چاپ کردووە (بڕوانە: خاڵ, ١٩٥٥, بەرگی پێشەوە) و لە ساڵی ١٩٥٧ بەشی یەکەمی پەندی پێشینانیشی دیسانەوە لەو چاپخانەیە چاپ کردووە (نەریمان, ١٩٨٨, ٢٢١) و لە ساڵی ١٩٥٨ کتێبی (البيتوشي)شی هەر لەوێ بە چاپ گەیاندووە (بڕوانە: الخال, ١٩٥٨, بەرگی پێشەوە).

شێخی خاڵ کتێبی (الشيخ معروف النودهي البرزنجي) لە چاپخانەی خانەی تەمەدون (دار التمدن) چاپ کردووە (الخال, ؟, بەرکی پێشەوە). بەشێکی تەفسیرەکەی ناوبراو (تەفسیری خاڵ جزمی یەک) لە چاپخانەی ئەسعەدی شاری بەغدا بە چاپ گەیەنراوە (بڕوانە: خاڵ, ١٩٦٩, بەرگی پێشەوە) و جزمی تەباڕەک لە چاپخانەی (الحوادث)ی بەغدا لە چاپ دراوە (بڕوانە: خاڵ, ١٩٨٦, بەرگی پێشەوە), هەروەها کتێبی (ناڵەی دەروون) لە ١٩٨٤ لە چاپخانەی ئیرشاد چاپ کراوە (نەریمان, ١٩٨٨, ٣١). ئەم بەرهەمانەی ئاماژەمان پێ دا هەموویان لە چاپخانەکانی شاری بەغدا چاپ کراون و ئەمەش لە ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا هەبووە.

بەشێکی دیکەی پشکداریی ناوبراو لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیدا بریتییە لە بەشداریکردن لە دانانی کتێبە پڕۆگرامییەکانی وەزارەتی پەروەردەی عیراقدا, لەوانە لە دانانی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی شەشی سەرەتایی لەگەڵ چەند دانەرێکی دیکە بەشدار بووە, کە لە ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا چاپ کراوە ( بڕوانە: نەریمان, ١٩٨٨, ٢٨٨_٢٩٠).

پشکدارییەکی شێخی خاڵ لە بڵاوکردنەوەی کتێب, بریتییە لە وەرگێڕانی کتێبی پڕۆگرامی قوتابخانەکان بۆ قوتابییان, کە ئەو کاتە ئەو کتێبانە لە لایەن وەزارەتی پەروەردی عێراقەوە وەک وانە و پڕۆگرام لە قوتابخانەکاندا دەخوێنران. ناوبراو بەهۆی زمانزانین و شارەزایی لە بوارەکەدا, ڕۆڵی بەرچاوی لە وەرگێڕاندا هەبووە, ئەوەتا کتێبی (پەروەردەی ئایینی) بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی لەگەڵ چەند وەرگێڕێکدا وەرگێڕاوە (بڕوانە: نەریمان, ١٩٨٨, ٢٦٩) و لە بەغدا چاپ کراوە, هەروەها خودی خۆی کتێبی (پەروەردەی ئایینی) بۆ پێنجەمی ئامادەیی وەرگێڕاوە و ئەمیش هەر لە بەغدا چاپ کراوە (بڕوانە: نەریمان, ١٩٨٨, ٣٠٧).

بەشێوەیەکی گشتی دانان و وەرگێڕان و چاپکردنی کتێب لە شاری بەغدا یەکێکی دیکە لە پشکدارییە بەبەهاکانی ناوبراو و لەو ڕێگەیەوە وەک زانا و نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کورد قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و خزمەتێکی بەرچاوی بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەی کردووە و کۆڵەگەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیریی کوردی بووە لە شاری بەغدادا.

**6.ئەنجام**

١_ پشكداریی شێخ محەمەدی خاڵ لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدا هەمەجۆر و هەمەلایەن بووە و تواناکانی لە یەک بواردا لە قاڵب نەداوە و قەتیسی نەکردووە.
٢_ ژمارەیەکی زۆر بابەتی لە گۆڤارە کوردییەکانی شاری بەغدا وەک : گەلاوێژ, هیوا, دەفتەری کوردەواری بڵاو کردووەتەوە و ناوەڕۆکی بابەتەکانی جۆراوجۆرن بووە.
٣_ پشکدارییەکی دیار و کارای لە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورددا هەبووە و لە چەند ڕوویەکەوە تێیدا بەشدار بووە.
٤_ بە زمانی کوردی و عەرەبی پشکداری لە بڵاوکردنەوەی بابەت و توێژینەوە ژمارەکانی گۆڤاری کۆڕدا کردووە.
٥_ کۆمەڵێک کتێبی عەرەبی و کوردی لە چاپخانەکانی شاری بەغدادا چاپ کردووە و ئەمەش پشکدارییەکە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا.
٦_ پشكداری لە دانان و وەرگێرانی کتێبی پرۆگرامی قوتابخانەکان کردووە, بەتایبەتی پرۆگرامی ڕێزمانی کوردی و پەروەردەی ئایینی.


## Abstract

This research, entitled "Sheikh Muhammad Khal's (1904-1989) Participation in Spreading Kurdish Culture in Baghdad," sheds light on the role and contribution of Sheikh Muhammad Khal in disseminating and developing Kurdish culture in that city.

Among the Kurdish scholars who participated in the cultural and scientific movement in Baghdad, and whose influence is clearly evident in the cultural sphere, we can mention Sheikh Muhammad Khal, who played a significant role in more than one scientific and cultural field. This study is dedicated to the movement to revive Kurdish culture in Baghdad.

This study consists of three main axes, divided as follows:

Axis 1: Publication of articles in Kurdish newspapers and magazines in Baghdad

Axis 2: Sheikh Muhammad Khal's participation in the Kurdish Scientific Academy

Axis 3: Publication of books and participation in printing and translating school textbooks

Finally, we present the most important findings and a list of sources.

**Keywords:** Sheikh Muhammad al-Khal, culture, Kurd, Baghdad.



## الملخص

هذا البحث موسوم ب(المشاركة الشيخ محمد الخال (١٩٠٤_ ١٩٨٩) في نشر الثقافة الكوردية مدينة بغداد) يسلط الضوء على دور ومساهمة الشيخ محمد خال في نشر وتطوير الثقافة الكوردية في تلك المدينة.

من بين العلماء الكورد الذين شاركوا في الحركة الثقافية والعلمية في بغداد، والذين تظهر بصماتهم بوضوح في المجال الثقافي، يمكننا الإشارة إلى الشيخ محمد خال، الذي لعب دورا هاما في أكثر من مجال علمي وثقافي. وقد خصصنا هذه الدراسة لحركة النهوض بالثقافة الكردية في بغداد.

تتكون هذه الدراسة من ثلاثة محاور وهي مقسمة على النحو التالي:

المحور الأول: نشر مقالات في الصحف والمجلات الكردية في بغداد

المحور الثاني: مشاركة الشيخ محمد خال في المجمع العلمي الكوردي

المحور الثالث: نشر الكتب والمشاركة في طبع وترجمة كتب المناهج الدراسية

وأخيرا، نعرض أهم النتائج وقائمة بالمصادر.

**الكلمات المفتاحية:** الشيخ محمد الخال, الثقافة, الكورد, بغداد


## 7.سەرچاوەکان


یەکەم: بە زمانی کوردی

أ_ کتێب:

١_ حوسێن, هیمداد (٢٠٠٨), ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی, چاپخانەی شڤان, سلێمانی.
٢_ حوسێن, هیمداد (٢٠١٠), ڕۆژنامەوانیی کوردی کۆواری دەفتەری کوردەواری, چاپخانەی ئاراس.
٣_ خاڵ, شێخ محەمەد (٢٠١١), ناڵەی دەروون, چاپخانەی ئاراس, هەولێر.
٤_ خاڵ, شێخ محەمەد (١٩٥٣), موفتی زەهاوی, چاپخانەی مەعارف, بەغدا.
٥_ خاڵ, شێخ محەمەد (١٩٥٥), تەفسیری سورەی فاتحە, چاپخانەی مەعارف, بەغدا.
٦_ خاڵ, شێخ محەمەد (١٩٦٩), تەفسیری خاڵ, جزمی یەکەم, چاپخانەی ئەسعەد, بەغدا
٧_ خاڵ, شێخ محەمەد (١٩٨٦), تەفسیری جزمی تبارک, چاپخانەی الحوادث, بەغدا.
٨_ خەزنەدار, مارف (٢٠١٠), ڕۆژگاری من, بەرگی پێنجەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
٩_ ساڵح و ئەوانی دیکە (٢٠١٦), گۆڤاری گەلاوێژ, بەرگی چوارەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
١٠_ ساڵح و ئەوانی دیکە (٢٠١٦), گۆڤاری گەلاوێژ, بەرگی پێنجەم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.
١١_ ساڵح, ئازاد عوبێد (٢٠٢٣), چەند توێژینەوەیەکی زانستی لە مێژووی هاوچەرخی کورد, چاپخانەی ڕۆشنبیری, هەولێر.
١٢_ عومەر, فاروق عەلی (٢٠٠١), ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا, و: تاریق کارێزی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.
١٣_ کەریم, غەفور میرزا (١٩٧٨), یادگاری لاوان و دیاری لاوان, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغدا.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12416]
- **Submission Date:** [**2026/2/21**], **Accepted Date:** [**2026/3/28**], **Published Date:** [02/08/2026]

١٤_ محەمەد، محەمەد دلێر ئەمین (٢٠٠٤)، ڕۆڵی گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی.
١٥_ مەزهەر، کەمال (١٩٧٣)، پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دوهەمیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا.
١٦_ نەریمان، مستەفا (١٩٨٨)، بیبلۆگرافیای دوو سەد ساڵەی کتێبی کوردی، چاپخانەی زەمان، بەغدا.
١٧_ یابە، شوان سلێمان، ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ب: گۆڤار
١_ بێ ناوی نووسەر (١٩٧٠)، ئەکادیمیەی زانستیی کوردی، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژمارە ٢، بەغدا.
٢_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٥٨)، وێژە ((ئەدەب))، گۆڤاری هیوا، ژمارە ٧، ساڵی یەکەم، بەغدا
٣_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٥٨)، بەهار، گۆڤاری هیوا، ژمارە ٩، ساڵی یەکەم، بەغدا
٤_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژمارە ١، بەغدا.
٥_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٤)، پێشگر و پاشگر، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بشی یەکەم، بەغدا.
٦_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٧)، بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، بەغدا.
٧_ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٨٧)، بەراوردێکی پیرەمێرد و شێخ ڕەزا لە وێژەدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شازدە و حەڤدەم، بەغدا
٨_ مەزهەر، کەمال (١٩٧٣)، پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دوهەمیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا.
پ: ڕۆژنامە
١_ ساڵح، ئاراس محەمەد (٢٠٢٦)، ڕێگە مەدەن زانکۆکان یادی زمانی دایک بکەنەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٩٦٠٣، سلێمانی.
دووەم: بە عەرەبی
١_ بدون الاسم (١٩٧٣)، الاحتفال التأسيسي للمجمع العلمي الكردي، المجلة المجمع العلمي الكردي، المجلد الاول، الجزء الثاني، بغداد
١_ الخال، الشيخ محمد (١٩٥٨)، البيتوشي، مطبعة المعارف، بغداد.
٢_ الخال، الشيخ محمد (؟)، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، مطبعة دار التمدن، بغداد.